# ئەو ناوانەی کە هەرگیز لە ناوەڕۆکەکانیان ناچن

(5 )

## (پەیوەندیە دپلۆماسیەکان)

سیروان ئەمین
sirwanlatif@yahoo.co.uk

لەڕاستیدا پەیوەندی دپلۆماسی واتە ڕێکحستنی پەیوەندی نێوا دوو ولات یان دوو لایەنی سیاسی .... هتد بەلام ئەوەی دەیبینین و دەگوزەرێ پێچەوانەی ئەم دەستەواژەیەیە، لە سەردەمی جەنگی ساردەوە تائێستاش لە هەر ولاتێك دا بالۆێزخانەیەك هەبێ ئەوە لە دەزگایەکی موخابەرات دەچێ و تەواو دەوری جاسووسی دەبینێ. چەندجار یش ئاشکرا کراوە کە جەنابی سەفیر خەریکی کاری موخابەراتی و زانیاری کۆکردنەوە بووە لە سەر چەك و باری سیاسی و ئابووری ولاتەکەو دواتریش دەرکراوە لەو ولاتەو نێردراوەتەوە بۆ ولاتی خۆی ئەمە لە بری کارە ڕەسمیەکەی خۆی کە ڕێخستنی پەیوەندی نێوان ولاتەکەی خۆی و ئەو وڵاتەیە کە ئەو سەفیرە لەوێ ، هەروەها ئاسان کاری یە بۆ خەلکی ولاتەکەی خۆی، ئەمە لەنێوان ئەمریکاو ڕوسیا هەروەها ئیسرائیل و میسر و چەندین ولاتی تر ڕوویداوە.

بابەتەکە هەرلێرە نابڕێتەوەو لەژێر ئەم ناوەدا لایەنە سیاسیەکانی لای ئێمە لە کوردستان دەیان سالە لەسەر حیسابی خەلکی کوردستان مساوەمەو مفاوەزاتیان کردوە و ناویشیان ناوە کاری دیبلۆماسی وە چەند جار ئەندام و کادری ئەو حیزبانەمان بینیوە بە شانازی یەوە باسی لە فلانە مەسئولی حیزبەکەی کردوە کە زۆر دبلۆماسیە مەبەستیشی ئەوە بووە کە زۆرترین پەیوەندی هەیە بە بەرپرسانی ولاتانی دەوروبەرەوە کە عێراق و ئێران و سوریا یە کەخۆیان سێ ولاتن دەزگایی موخابەرات بەڕێوەیان دەبا و هەر دانیشتنێکیان ئەگەر کردبێ مەرجی هەبووە مەرجەکەشی یان لێدانی حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنی ئەو ولاتە بووە یان حیزبێکی چەپ کە ئەنجامەیەکمان بینیوە وەك لێدانی شیوعیەکان لە هەشتاکان دا لێدانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و تورکمانەکان لە 31ی ئاب داو لێدانی پ ك تیرۆرکردنی کادر و ئەندامانی کۆمەلەو دیموکرات و تەسلیم کردنەویان ،،وە دواترینیشیان کوشتی پێنج ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و داخستنی بارەگاکانی بوو لە سلێمانی لە سالی دوو هەزاردا.

ئەمانە ی سەرەوە بەرئەنجامی کاری ((دپلۆماسی)) حیزبە کوردیەکانی کوردستان بوو کە پەیوەندی ژێر بەژێر و دور لە چاوی خەلکیان کردۆتە کاری دپلۆماسی کە لەبنەڕەتدا دەبێ دەولەت دەسەلات هەر کارێك دەکەن کەپەیوەندی بە خەلکەوە هەیە ئاشکرا بێ و زانیاریەکان لە بەردەستی خەلکدابن........

21.11.04